## بڕیار دەربارەی خوێندن لە دوورەوە 2020-03-17 Kurdiska (sorani)

## زانیاری بۆ خوێندکاران و سەرپەرشتان/دایک و باوک:

### لە ڕۆژی چوارشەممەوە ١٨ی مانگی ئازار خوێندن بۆ خوێندکارانی ئامادەیی

**Ållebergsgymnasiet لە دوورەوە دەبێت، ئەم بڕیارە لە ئێستادا خوێندکارانی ئامادەیی (خاوەن پێداویستە تایبەتەکان) ناگرێتەوە.**

**ئەمە پشوویەکی زیادە نییە، بەڵکوو وەک خوێندکار چاوەڕێت لێ دەکرێت بەرپرسیارێتی خوێندنی خۆت لە ماڵەوە هەڵبگریت.**

**لە ڕێی itslearning پەیگیریی گۆڕینی زانیاری و لێزیادکرنی بەردەوام بکە.**

---

**پرسیار و وەڵام**

**ئەمڕۆ بیر لە چی بکەمەوە؟**
ئەمڕۆ پێویستە کۆمپیوتەر و کتێبەکانت ببەیت بۆ ماڵەوە.

**چۆن زانیاریم دەست دەکەوێت کە چی بکەم؟**
لە ئێستادا بەپێی خشتەی وانەکان کار دەکرێت تا پەیامێکی ترت دەگاتێ. ڕەنگە پێویست بە چاکردنی بەردەوام بکات.
بە شێوەیەکی بەردەوام مامۆستایان زانیاری دەربارەی دەرسەکان لە itslearning و google بڵاو دەکەنەوە.

ئێمە لە (**itslearning**) (**IM**)مان نییە
(google classroom) کەناڵی زانیارییە بۆ خوێندکارانی (**IM**)

**ئایا ئەمە بۆ هەموو کۆرسەکانە؟**
بەڵێ، هەردوو کۆرسە پراکتیکی و تیۆرییەکان دەگرێتەوە.

هەروەها (**NIU**) و (**RIG**)یش

**بۆم هەیە (APL) بکەم؟**
بەڵێ تاکوو پەیامی تر دەدرێت. هێشتا دەبێت لە ماڵەوە بیت ئەگەر بە تەواوەتی تەندروست (ساخ) نەبیت.
ئەگەر ئەمە ڕووی دا، پەیوەندی بە ڕێبەر(**mentor**)ی خۆتەوە دەکەیت بۆ وەرگرتنی زانیاری.

**خواردنی خوێندنگە دەدرێت؟**
نەخێر

**بۆم هەیە بێم بۆ خوێندنگە؟**
نەخێر.
(ئەگەر پێویستت بە بردنەوەماڵی کتێب یان هەر پێویستییەکی تر هەبوو کە لە دۆڵابەکەت بیرت چووە، دەتوانیت ڕۆژی چوارشەممەی ئەم هەفتەیە ئەو کارە بکەیت.
لە لایەن کارمەندی نووسینگەوە ڕێت پێ دەدرێت بێیتە ژوورەوە، تەلەفۆنی ئەم ژمارەیە 00 60 88-0515 بکە) کارتی خوێندکار لە کار دەخرێت.

**ئەم خوێندنی لە دوورەوەیە تا ماوەی چەند کارا دەبێت؟**
ئەمڕۆ پێشبینی ناکرێت، بەردەوام زانیاریی نوێ لە ڕێی (itslearning)ەوە، دەدرێت.

**هەر گۆڕانکارییەک لەم بەڵگەنامەیەدا تەنیا لە لایەن بەڕێوەبەری پەروەردەوە دەکرێت.**